# خۆشەویستیی یەکلایەنە

ئەمجەد شاکەلی

پشکۆ ناکام، ماوەیەک لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دوورکەوتبووەوە و ڕەخنەی لێ دەگرتن و خۆی بە هەواداری ئاش(ئالای شۆڕش) دەزانی. ڕۆژێکی موحەممەد سابیر ئیسماعیل، کە ئەودەمی بەرپرسی ڕێکخستنەکانی یەکیەتیی بوو لە سوید و ئەوروپا، لە شوێن و بۆنەیەکدا لە ستۆکهۆلم، تووشی پشکۆ ناکام دەبێت و پێی دەڵێت:"ئەوە بۆ ئامادەی کۆبوونەوەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی نابیت؟" پشکۆ ناکامیش دەڵێت:" من هیچ پێوەندێکم بە یەکیەتییەوە نییە و وازمهێناوە و خۆیشم بە یەکیەتیی نازانم و ناشمەوێت لەگەڵ یەکیەتییدا کار بکەم". موحەممەد سابیر ئیسماعیلیش پێی دەڵێت:" تۆ خۆت بە یەکیەتیی بزانێت یا نە، یەکیەتیی تۆ هەر بە یەکیەتیی و هی خۆی دەزانێت". ئەوجا پشکۆ ناکامیش دەڵێت:" جا ئەوە حوب مین تەرەف واحید (حب من طرف واحد)ە". واتە: ئەوە خۆشەویستییەکی یەکلایەنەیە.

تۆ کە تەماشای تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان دەکەیت و گوێ دەدەیتە سەرانی کورد و بەرپرسانی حیزبەکانی کوردستان و سیاسەتکاران و نوێنەرانی دەسەڵاتی کورد و ڕۆژنامە و میدیاکان دەبیسیت و دەبینیت و دەخوێنییەوە، زۆرجاران، کە باسی عیراق دێتە گۆڕێ و نێوی عیراق دەبەن دەڵێن: "عیراقی دیموکراتی و فیدرالی" یا "عیراقی فیدرال" یا "بەغدای پێتەختی عیراقی فیدرال" یا "سەرۆککۆماری عیراقی فیدرال" یا "سەرۆکی حوکوومەتی عیراقی فیدرال" یا "وەزیری...عیراقی فیدرال" و...واتە: واژەی فیدرالەکە لەگەڵ عیراقدا بەکار دەبەن، بەڵام هەرگیز لە زاری یەک بەرپرس و دەسەڵاتدار و سەرکردە و سیاسەتکاری عیراقەوە و تەنانەت لە زاری میدیاکانی عیراقیشەوە، ئەو وشەی فیدرالەت گوێ لێ نابێت. هەر کوردە و سەرانی کوردن وەدووی عیراقییاندا هەڕا دەکەن و عیراقییانیش ئەو باسەیان هەر بە خەیاڵدا نایەت و هەر دەڵێی ئەو واژەیەیان بەرگوێ نەکەوتووە و پێشدەچێت لە سەر زاریان گەلێک ناخۆش بێت و حەزیان پێی نەبێت و ببێتە هۆی شێواندنی مگێزیان. کورد یەکلایەنە بە باڵا و بەژنی ئەو عیراقە فیدرالییەدا هەڵدەڵێت و یەکلایەنە ئەو عیراقەی خۆش دەوێت. کورد هەر لە خۆڕا ئەو عیراقەی خۆش دەوێت و هیچ پێویستیشی بەوە نییە خۆشی بوێت. خۆشەویستیی یەکلایەنەش هەمیشە مایەپووچی و بێهوودەیی لە دوایە و هەمیشە شەکەتییەکی ناپێویست و ڕەنجێکی بێوەرە. ئەوەی سەرانی کوردیش لەتەک عیراق و بەغدادا دەیکەن دڵداری و خۆشەویستییەکی یەکلایەنەیە و هیچی دی.

2004/11/25